## یاسای ژمارە ( )ی ساڵی٢٠٢٢

# یاسای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە وخوێندنی باڵا

# لە هەرێمی کوردستان- عێراق

**ماددەی (١)**

**پێناسەکان:**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئە میاسایە، ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای دەستە.

**چوارەم:** دەستە: دەستەیەکی دڵنیاکەرەوەی زانستی متمانە بەخشینە بەدامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێم بۆ پاڵپشتی وهاریکاری هەردوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی بەئامانجی دڵنیابوونەوە لەکواڵیتی پەروەردە و خوێندن، کە بەپێی ئەمیاسایە دامەزراوە.

**پێنجەم:** دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن: دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی سەر بەهەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم.

شەشەم: بڕوانامەی متمانەیی: پرۆسەی بەخشینی متمانەیی یە بە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن کە لە لایەن لایەنێکی سەربەخۆ دەدرێت دوای دڵنیابوون لە وەی کە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن هەموو پێداویستی پێوەرەکانی متمانەبەخشینیان جێبەجێ کردووە.

**ماددەی (٢)**

**ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە :**

یەکەم: دڵنیابوونەوە لە پاراستنی کوالێتی پەروەردە و خوێندنبە شێوەیەکی یەکسان بۆسەرجەم قوتابیان لەڕێگەی دروستکردنی کلتوری هەڵسەنگاندن و بەرەو پێشچوونی بەردەوام.

دووەم: دڵنیابوونەوە لە بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی وزانستی دامەزراوەکانی پەروەردە وخوێندن بۆئاستێکی بەرزی بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا.

سێیەم: دڵنیابوونەوە لە بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن بە مەبەستی پێگەیاندنی نەوەیەکی بەرپرسیار و هۆشیار و بەرهەمدار.

**ماددەی (٣)**

**پێکهاتەی دەستە:**

**یەکەم**: دەستەیەك بەناوی (دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵاله هەرێمی کوردستان – عێراق) لە هەرێم دادەمەزرێت وخاوەن کەسایەتیی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیدەبێت.

**دووەم**: دەستە سەرۆکێکی دەبێت کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵا دیاریدەکرێت وبەرپرس دەبێت لە ئاراستەکردنی کارەکانی و گشت ئەو بابەتانەی پەیوەندیان هەیە بە ئەرکەکانی دەستە و سەرجەم کاروبارەکانی.

**سێیەم:** سەرۆکی دەستە سەرپەرشتی ئەم پێکهاتانەی خوارەوەی دەستە دەکات:

١- بۆردی متمانە بەخشینی خوێندنی باڵا.

٢- بۆردی متمانە بەخشینی پەروەردەیی.

٣- بواری یاسایی و کارگێڕی ودارایی.

**چوارەم:** پێکهاتەکانی بۆردی متمانە بەخشینی خوێندنی باڵا و بۆردی متمانە بەخشینی پەروەردە و فەرمانگەکانی دەستە و لقەکانی و ئەرك و دەسەڵاتەکانی بەپەیڕەوێکی ناوخۆ دیار دەکرێن کەدەستە پێشنیاری دەکات و ئەنجومەنی باڵا پەسەندی دەکات.

**پێنجەم:** دەستە لە کاتی پێویستدا دەتوانێت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە بهێنێتە کایەوە یان لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

**ماددەی (٤)**

**ئەرکەکانی دەستە:**

**یەکەم:** دانانی پێوەری گونجاو بۆ چەسپاندنی بنەماکانی متمانەبەخشین بە جۆرێک کە هاوتەریب بێت لەگەڵ پێوەرە کارپێکراوە نێودەوڵەتییەکان کە دەستەبەری نایابی ئەکادیمی و پەروەردەیی و ئەنجامەکانی کۆی پرۆسەی خوێندن و فێربوون بکات.

**دووەم:** دڵنیابوون لەوەی کە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن پەیڕەوی پێوەر و ستانداردە نێودەولەتییەکانی متمانەبەخشین لە پرۆگرامەکانی خوێندن دەکەن لەڕێگەی ڕێکخستنی میکانیزمەکانی پرۆسەی متمانەبەخشین و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێداچوونەوەی هاوەڵانە و چاودێریکردنیان.

سێیەم: پشتیوانی کردنی هەردوو وەزارەتی پەروەردە وخوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی بۆ دانانی پلان و سیاسەتی تایبەت بە پرۆسەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی متمانەیی بۆ دامەزراوەکانی پەروەردە وخوێندن وپرۆگرامەکانی خوێندن بە پێی ئەم یاسایە، ئەویش لە ڕێگای بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی و ئاستی زانستیی وئەکادیمیی،و فەراهەمکردن وبەدەستهێنانی بودجە وپشتیوانی دارایی بۆ ئەو دامەزراوانە لە سەرچاوەی دارایی وپیتاک وپشتیوانی دارایی دەستە لە ناو هەرێم ودەرەوەی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامەیە بە پێی پێوەرە کارپێکراوەکان.

**ماددەی (٥)**

## ئەنجومەنی باڵا:

ئەنجومەنی باڵا سەرپەرشتی دەستە دەکات و پێوەر و سیاسەتی گونجاو بۆ متمانەبەخشین و ڕێسا و ڕێکسازییەکان بۆ جێبەجێکردن یان پەسەند دەکات. پێکهاتە و ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجومەنە بە پەیڕەوێک ڕێک دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەریدەکات.

**ماددەی (6)**

**یەکەم:** دەستە بودجەیەکی تایبەتی دەبێت لەناو بودجەی گشتیی هەرێم.

**دووەم:** دەستە بۆی هەیە ببێتە خاوەنی مایەی گوێزراوە و نە گوێزراوە و هەڵسان بە گشت ئەو ڕەفتارە یاساییانەی پێویستن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لەنێوانیشیاندا ئەنجامدانی گرێبەست و قەبوڵکردنی یارمەتی و بەخشین و دیاری.

**ماددەی (7)**

دامەزراوەکانی پێکهاتوو بەپێی ئەم یاسایە جێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ناگرێتەوە لەو ئەرک و دەسەڵاتانەی بۆیان دەستنیشان کراوەلە یاسای تایبەتی ئەو وەزارەتانە.

**ماددەی (8)**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی تەشریعی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی (9)**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (10)**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمیی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندن و گەرەنتیکردنی کوالیتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان- عێراق بەئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەکی بەرپرسیار و هۆشیار و بەرهەمدار ، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.